# له مه‌لاژنه‌وه‌ بۆ حاجی ژن..

**ئه‌ڤین ئیبراهیم فه‌تاح**

گۆبه‌نده‌كه‌ی (د. ئه‌مینه‌ وه‌دوود) كه‌ له‌ حه‌وتووی رابردوودا باسم كردهێشتا هه‌ر به‌رده‌وامه‌، چوون دوای ئه‌وه‌ی مه‌لاژن به‌زمی نایه‌وه‌ دوو ژنی دیكه‌ش ئیمامه‌ت و پێشنوێژییان له‌ شارێكی دیكه‌ی ئه‌مه‌ریكادا كرد،خاتوو (ئیسرا نوعمانی-39سالٚ) كه‌ نڤیسه‌رو رۆژنامه‌وانێكی ئه‌مه‌ریكایی به‌ره‌چه‌ڵه‌ك هیندییه‌، به‌ هاوكاری رێكخراوی (ئازادیی ژنه‌ موسڵمانه‌كان)و وێبسایتی (رابوونی ئیسلامی) رابه‌رایه‌تیی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ ده‌كات، حاجی ئیسرا كه‌ به‌م دواییه‌ له‌گه‌ڵ منداڵه‌كه‌یدا رێوره‌سمی حه‌جی كردووه‌، پێی وایه‌ له‌ ئاینی ئیسلامدا یه‌كسانیه‌كی ته‌واو له‌ نێوان ژن‌و پیاودا هه‌یه‌و ئه‌و هه‌ڵاوێردنه‌ی كه‌ به‌ناوی ئیسلامه‌وه‌ ده‌كرێت، به‌ره‌نجامی ده‌سه‌ڵاتدارێتی پیاوانی ئاینیه‌وبه‌قسه‌ی خۆشی هه‌ر ئه‌م هۆكاره‌ش له‌پشت هێرشه‌كانی یازده‌ی سیپته‌مبه‌ردا بووه‌.

پار ساڵ كه‌حاجی ژن له‌ ده‌رگای پێشه‌وه‌ی مزگه‌وتێكه‌وه‌ چووبووه‌ ژووره‌وه‌، پیاوانی ئاینی به‌مه‌ قایل نه‌بوون وئه‌ویش له‌م باره‌یه‌وه‌ گوتی( ئه‌مڕۆ ژنه‌ موسڵمانه‌كان له‌ په‌راوێزی مزگه‌وته‌كانه‌وه‌ دێنه‌وه‌ پێشه‌وه‌) ، هه‌روه‌ها ده‌ڵێ ( ئه‌م هه‌موو ناڕه‌زایی ده‌برینه‌ به‌رامبه‌ر به‌ كاره‌كانمان، له‌ لایه‌ن كه‌سانێكه‌وه‌ ده‌كرێت كه‌ نایانه‌وێ ره‌وشه‌كه‌ بێته‌ گۆڕین، نه‌بادا ده‌سه‌ڵاتیان له‌ده‌ست بده‌ن). حاجی ئیسرا به‌ نیازه‌ كتێبێكیش ده‌رباره‌ی ئیسلام‌و ژن به‌ چاپ بگه‌یه‌نێت.
ئه‌م ژنه‌ جارێكی دیكه‌ش پێشنوێژیی هه‌ینی بۆ مه‌لا ژنه‌( نه‌قیه‌ جاكسۆن) له‌ شاری بۆستنی ئه‌مه‌ریكی رێكخست ، بۆ خۆشی هه‌مان كاری كردو سووره‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ واز له‌م كاره‌ نه‌هێنێت.

ئه‌وه‌ی جێگه‌ی باسه‌ئه‌وه‌یه‌ كه‌له‌كاتێكدا پیاوانی ئاینی به‌رده‌وامن له‌سه‌ر ناڕه‌زایی ده‌ربڕین كه‌چی له‌به‌رامبه‌ریشدا ئه‌و ژنانه‌ش سوورن له‌سه‌ر مافی پێشنوێژیكردن ، ئه‌وه‌بوو،هه‌رچه‌نده‌ (د. ساڵح ئه‌لمه‌رزووقی) ئه‌میندارى گشتیی كۆمه‌ڵه‌ی فیقهی سه‌ر به‌ یه‌كگرتووی جیهانی ئیسلامی له‌ مه‌ككه‌، له‌گرنگیی ناڕه‌زاییتی ده‌ربڕین دژ به‌م كاره‌ی كه‌م كرده‌وه‌، چونكه‌ به‌ڕای ئه‌و ئه‌مه‌ شتێكه‌ ته‌نانه‌ت قوتابیانی قۆناغی سه‌ره‌تاییش ده‌زانن كه‌ جایز نیه‌، به‌ڵكو ئه‌ورووی گله‌یی له‌ ئه‌مریكا یان هه‌روڵاتێكی دیكه‌یه‌ كه‌ رێگه‌ به‌ ژنان بده‌ن پێشنوێژی بكه‌ن و پێیوایه‌ ئه‌مه‌ فیتنه‌ له‌ نێو جیهانی موسڵماناندا ده‌نێته‌وه‌!
له‌مباره‌یه‌وه‌سایتی ئه‌لكترۆنی( العربیه‌) راپرسیه‌كی له‌ نێو خوێنه‌رانیدا كردووه‌، تیایدا 45٪ی خوێنه‌رانی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ن كه‌ ئه‌مه‌ گۆڕانێكی پۆزه‌تیڤه‌ له‌ فیقهی ئیسلامیدا، هه‌رچی زۆرینه‌ی خوێنه‌رانی سایته‌كه‌یه‌ 54٪ وایده‌بینن كه‌ ئه‌مه‌ پیلانێكی ئه‌مه‌ریكی دژ به‌ ئیسلامه‌.

به‌لای منه‌وه‌، به‌ چاوپۆشیی له‌ چاكه‌و خراپه‌ی دیارده‌كه‌، وه‌لێ ئه‌وه‌م پێ گرینگه‌كه‌ زه‌مانی به‌جیهانیكردن وگلۆبالیزه‌یشن به‌ هه‌موو لایه‌نه‌ نێگه‌تیڤه‌كانیشیه‌وه‌، عه‌قلی مرۆڤی به‌ره‌و ئاقارێكی فراوانتر بردووه‌، پێم وایه‌ ئه‌م جۆره‌ دیاردانه‌ش هه‌ر به‌رده‌وام ده‌بن، ژنانی سعوودیه‌و كوێتیش كه‌ تا دوێنێ ئوتومبێل لێخوڕین‌و به‌شداریكردن له‌ پرۆسه‌ی ده‌نگدانیشیان لێ قه‌ده‌غه‌بوو، دوور نیه‌ ئه‌وانیش به‌م زووانه‌ به‌رامبه‌ر به‌ پیاوان بوه‌ستن و بڵێن:ئیدی نۆره‌ی ئێمه‌یه‌ پێشنوێژیتان بكه‌ین وبێگومان ئه‌مه‌ش شتی دیكه‌ی به‌نێوچاوانه‌وه‌ ده‌بێت.

---

**تێبینی , ئه‌م بابه‌ته‌ هاوكات له‌ (رۆژنامه‌ی میدیا)ش بڵاو ده‌بێته‌وه‌**